گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper10
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 2024/05/02
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 2024/07/01
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 2024/10/29

# كاریگەریی گۆڤاری ئاڵای سوری كوردایەتی لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی

## (توێژینەوەیەكی مێژویی وەسفی شیكارییە)

سیروان مەحمود ڕەشید[1] - محەمەد كەریم سەعید[2]
Sirwan.Mahmood@epu.edu.iq mehemedkerim@gmail.com
[1] كۆلێژی تەكنیكی سۆران، زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق
[2] بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، كە بە ناونیشـــانی (كاریگەریی گۆڤاری ئاڵای ســـوری كوردایەتی لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی)یە، لە ناوەڕۆكی گۆڤاری ئاڵای سور لە سەردەمی خەباتی شاخ و قۆناغی شۆڕش (1981–1982) دەكۆڵێتەوە.

ســـەرەڕای مێژوی دور و درێژی خەباتی گەلی كوردســـتان لەپێناو گەیشـــتن بە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەكانی، كەچی ناسنامەی نەتەوەیی وەكو پێویستییەكیی هزری و ژیاریی لەنێو كۆمەڵی كوردستان بە تەواوی جێی خۆی نەكردوەتەوە، بەهۆی لاوازی هۆشیاریی نەتەوەیی.

دیارە هاتنەكایەی پێناســـی نەتەوەییش، بەندە بە بنەمای نیشـــتمان، زمان، كولتور، ئایین و مێژوی هاوبەش، هەروەها خواست و ویستی هاوبەش و پرەنسیپی سیاسی و یاسایی هاوبەش، ئەمەش بەر لە هەر شتێك پێویستی بە هۆشیاریی نەتەوەییە.

لەم ڕوانگەیەوە، لە مێژوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی كوردستان، خەباتی زۆر بۆ بەدەستهێنانی ئەو شـــوناســـە كراوە، میكانیزمی جۆراوجۆر گیراوەتەبەر، هەروەك یەكێك لەو ڕێگەیانە، خەباتی میدیایی بوە. لەو نێوەندەدا، پارتی سۆشیالیستی كورد-پاسۆك (1975–1992)، گۆڤاری ئاڵای سوری كوردایەتی لە قۆناغێكی هەستیاری مێژوی كورد لە باشوری كوردستان (1981–1982) چاپ و بڵاوكردوەتەوە.

گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی، لەپاڵ گەیاندنی ئامانجە سیاسییەکانی، هەوڵیداوە لە ڕێی پەرەپێدانی هزر و هۆشیاریی نەتەوەیی، کۆمەڵی کوردستان شێلگیرانەتر ڕێگەی ئازادیخوازیی و خەباتی نەتەوەیی بگرێتەبەر و ئازایانەتر ڕوبەڕوی مەترسییەکان ببێتەوە.

**کلیله وشەکان:** گۆڤار، مێژو، کوردایەتی، هۆشیاریی نەتەوەیی

## پێشەکی:

گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی، کە لەلایەن پارتی سۆشیالیستی کورد- پاسۆک (1975-1992)[1] لە شاخ بڵاودەکرایەوە، دەیویست ببێت بە دەمڕاستی نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو و، بەشێک لە پرۆژەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کورد، کە لە دوای نسکۆی ساڵی (1975) لەلایەن کۆمەڵێک پارت و ڕێکخراوی جیاوازەوە لە ناوچە شاخاوییەکانی سەر سنوری عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئێران و تورکیا بەڕێوەدەبرا.

ئەو گۆڤارە کە دروشمی (پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ کورد بین.. چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەر)ی بەرزکردبوەوە، کوردایەتی و باوەڕبون بە دۆزەکەی بە خەمی خۆی دەزانی، بۆیە لە پاڵ ئەو هەستە بێئاگاییەی، کە هەر کەسێک، بە هاوزمان و مێژو و کولتورەکەی دەبەستێتەوە، بە پشت بەستن بە حەقیقەتی مێژویی دەوڵەمەندی بکات بۆ شارەزایی و زانایی، بە کردەیی لە ناخی تاکدا بەرجەستەی بکات.

ئەو گۆڤارە چەندە بە کردەیی بۆ ئەو مەبەستە کاری کردوە، لەو توێژینەوە هاوبەشە و لە سێ بەشدا خراوەتەڕو. بەشی یەکەم بۆ پێشەکی و چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە تەرخانکراوە، بەشی دوەمیش بۆ باسی گۆڤارەکە و شێوە و ناوەڕۆک و هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی، بەشی سێیەمیشی تایبەتکراوە بە کاریگەریی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی لەسەر هۆشیاریی نەتەوەیی، کە لە چەند ڕەهەندێکەوە، لێکۆڵینەوەی لە بارەیەوە کراوە. لەگەڵ خستنەڕوی ئەنجامەکان.

### 1.2. میتۆدنامەی توێژینەوە

### 1.2.1. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### 1.2.2. کێشەی توێژینەوە:

گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی، کە لە قۆناغێکی سەختی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی خەڵکی کوردستان لە ساڵی (1981) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، توێژەرانی هانداوە شەنوکەوی بکەن، بۆ ئەوەی ئەو پرسیارانەی لە بارەی ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی لەسەر هۆشیاریی نەتەوەیی دەکرێت ساخبکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە ناونیشانی توێژینەوە وەکو جەوهەری کێشەی ئەو توێژینەوەیە دەبینرێت، تا لە چۆنیەتی هەڵوێستی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی تێبگەین.

### 1.2.3. گرنگی توێژینەوە:

بابەتی هۆشیاریی نەتەوەیی بۆ قۆناغی شۆڕشگێڕیی هەر بزوتنەوەیەكی چەكداریی پێویستە، گۆڤاری ئاڵای سـوری كوردایەتیش لەو هاوكێشـەیەدا وەكو ئۆرگانی ناوەندی هێزێكی شـۆڕشـگێڕ، كە خۆی بە خاوەنی ئایدیای نەتەوەیی دەزانێت، لە چ ئاسـتێكدابوە؟ چۆن لەگەڵیدا هەڵی كردوە؟ دوای خسـتنەڕوی، بەهایەكەشی دەردەكەوێت.

### 1.2.4. پرسیارەكانی توێژینەوە:

1. گۆڤاری ئاڵای سوری كوردایەتی چەندە بایەخی بە هۆشیاریی سیاسی تاكی كورد داوە؟
2. گۆڤاری ئاڵای سـوری كوردایەتی هەڵوێسـتی لە بارەی بزاڤی شـۆڕشـگێڕیی كوردی لە شـاخ و لە نێوان ساڵانی (1981-1982) چۆن بوە؟
3. گۆڤاری ئاڵای سـوری كوردایەتی چەندە بایەخی بە مێژویی نەتەوەیی كورد داوە تا خەباتی ڕابردوی گەلەكەی بە خوێنەرانی بگەیەنێت؟
4. تا چەند سـود لە زمانی ئەدەبی ئەو گۆڤارە وەرگیراوە بۆ ئەوەی پەیامە نەتەوەییەكانی باشـتر و خێراتر بگەن؟

### 1.2.5. ئامانجەكانی توێژینەوە:

1. گۆڤاری ئاڵای سوری كوردایەتی، خوێنەرانی بە هۆشیاریی سیاسی ئاشنا كردوە؟
2. هەڵوێسـتی گۆڤاری ئاڵای سـوری كوردایەتی لە بارەی بزوتنەوەی شـۆڕشـگێڕیی كورد لە نێوان سـاڵانی (1981-1982) وەكو گۆڤاری یەكێك لە هێزە سـیاسـی و سـەربازییەكانی ئەو سـەردەم چۆن بوە؟
3. مێژوی نەتەوەی كورد، وەكو بنەمایەك بۆ پرۆژەی نەتەوەیی لەلایەن گۆڤاری ئاڵای سـوری كوردایەتی چەندە جێگای بایەخ بوە؟
4. هەر بزوتنەوەیەكی شـۆڕشـگێڕیی نەتەوەیی لە قۆناغی بەرەنگاریدا، زمانی ئەدەبی بۆ گەیاندنی پەیامەكانی بەكاردەهێنێت، گۆڤاری ئاڵای سوری كوردایەتی لە كوێی ئەو هاوكێشەیەدا بوە؟

### 1.2.6. جۆر و میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەكی (مێژویی وەسفی شیكاریی)یە، بە پشت بەستن بە میتۆدی شیكاریی ناوەڕۆك، هەوڵدەدات كاریگەریی گۆڤاری ئاڵای سوری كوردایەتی لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی بخاتەڕو.

### 1.2.7. کۆمەڵی توێژینەوە:

بەهۆی ئەوەی توێژەران کۆی ژمارەکان و ژمارە ڕەسەنەکانی گۆڤارەکەیان دەستنەکەوتوە، بۆ ئەو توێژینەوەیە تەنیا لەو ژمارانەیان کۆڵیوەتەوە، کە لە کتێبی "پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی پاسۆک، گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک، بەرگی یەکەم ژمارەکانی 1–16" لە ئامادەکردنی (هەڵۆ بەرزنجی) هاتون، بەو مانایەی کۆمەڵی توێژینەوە پێکهاتوە لە (16) ژمارەی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی لە کۆی (32) ژمارەی کە لە شوێن و کاتی جیاواز لەلایەن هێزی پێشمەرگەی پارتی سۆشیالیستی کورد- پاسۆک، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

### 1.2.8. سامپڵی توێژینەوە:

سامپڵی توێژینەوە خۆی لەو بابەتانە دەبینێتەوە، کە کاریان لەسەر هۆشیاریی نەتەوەیی لە بواری سیاسی و مێژویی و ئەدەبی کردوە.

### 1.2.9. کەرستەی توێژینەوە:

لەبەر ئەوەی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی لەلایەن پارتێکی سیاسی کوردی بەناوی پارتی سۆشیالیستی کورد- پاسۆک بڵاوکراوەتەوە، تەنیا بە هەڵگرتنی پێناسەی پارتەکە، لەوانەیە لەلایەن هەندێک کەسەوە ناسناوی نەتەوەیی بون بە گۆڤارەکە بەخشرابێت، بۆ گەیشتن بە زانیاری پێویست و ئەنجامێکی ڕون، پشت بە ئامرازی تێبینی، وەکو کەرستەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بەستراوە.

### 1.2.10. ناساندنی چەمک و زاراوەکان:

**یەکەم: گۆڤار:**

حەبیب کەرکوکی (2008) لە بارەی گۆڤارەوە پێناسەکەی لە ئینسکلۆپیدیای ڕۆشنبیریی وەرگرتوە و دەنوسێت:"چاپکراوێکی بەردەوامی ڕێکوپێکی وێنەدارە، یان بێ وێنەیە و بابەتی هەمەڕەنگ لەخۆدەگرێت"، بۆ سەرەتاکانی پەیدابونیشی، دەیگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی (1562) بۆ شاری ڤینیسیای وڵاتی ئیتاڵیا (کەرکوکی، 2008: 31). وەکو لەڕوی ڕێکارییەوە لێی تێگەیشتوین ئەوەی کە گۆڤار لە (ڕۆژنامە-Newspaper) جیا دەکاتەوە، ڕۆژنامە زیاتر بایەخ بە هەواڵ لەڕوی زانیاری و خێرایی لە گەیاندن دەدات، بەڵام گۆڤار، گرنگی بە بەدواداچون و دیوی دواوەی ڕوداوەکان دەدات، لەگەڵ بونی هەندێک گۆڕانکاریی تر، لەڕوی فۆرم و ناوەڕۆکەوە، ئەوەی توێژەرانیش پابەند کردوە، کە ئەو بڵاوکراوەیە وەکو گۆڤار ببینن، زۆری ژمارەی لاپەڕە، بونی تەوەری جیاواز، بڵاونەکردنەوەی هەواڵی ڕۆژ و تەرخانکردنی لاپەڕەکانییەتی بۆ شرۆڤە و بەدواداچونی ڕوداوە سیاسییەکان، لەلایەکی تر لێدوانی یەکێک لە کادیرانی ڕاگەیاندنی پاسۆکە کە دەڵێت"ڕاگەیاندنی ئێمە ئەوکاتە گۆڤاری (ئاڵای سوری کوردایەتی) دەردەکرد" (ئەمین، 2017: 254).

**دوەم: کوردایەتی:**

حەکیم کاکە وەیس (2019) لەو بڕوایە دایە، کوردایەتی خزمەتکردن و پێشخستنی میللەتێکی بندەستەیە، کە ناوی کوردە. پێشـوایە خزمەتکردنی کورد، کە کوردایەتییە، لە زۆر ڕووەوە دەکرێ: مامۆستایی، زمانەوانی، ڕۆشنبیری، پیشەسازی، پێشخستنی کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و... هەمو ئەوانە، کە هەر یەکە بۆ خۆی پیشە و ئەرکە، دەڕژێنە ناو ئەستێڵکی کوردایەتییەوە، چونکە خزمەتی کورد دەکەن و کورد پێش دەخەن (کاکەوەیس، 2019).

دیارە لە ڕوی هزری و ئایدیۆلۆژیشەوە، کوردایەتی مانای بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی نەتەوەیی، بەهێزکردنی بیرۆکەی نەتەوە و پەرەپێدانی نەریتی خەباتێکی ڕزگاریخوازانە، بە مەبەستی ئازادی و سڕینەوەی جۆرەکانی ستەم. هەروەها دەکرێ بگوترێت کوردایەتی بیرۆکەیەکی دژەچەوساندنەوەیە و دەتوانێ هەمو ئەو گروپ و توێژانە بە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، کە ستەمیان لێ دەکرێ و پەراوێز دەخرێن و مافەکانیان پێشل دەکرێت. دیارە سازبونی ئەم بەرە دژە چەوساندنەوەیە، زەرورەتێکی مێژوییە و دەکرێ لەسەر بنەمایەکی هاوبەشیی نەتەوەیی – کۆمەڵایەتیی بنیات بنرێتەوە (ئەردەڵان، 2023 :2-3).

**سێیەم: هۆشیاریی نەتەوەیی:**

کاری یەکەمی هۆشیاریی نەتەوەیی ناسینێکی دروستی ڕابردوی گەلە، تێگەیشتنە لەو هۆکارە سروشتی و مێژووییانەی کە بە ئێستایان گەیاندوە، لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو هێزە ڕۆحیەی کە لەگەلانی تر جیای دەکاتەوە (زریف، 1939: 23).

بەپێی تێگەیشتنی توێژەران بۆ ئەو چەمکە، گەڕانەوە بۆ ڕابردوی نەتەوایەتی، لەڕوی کولتوری و مێژویی و گواستنەوەی لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر، پرۆسەی هۆشیاریی نەتەوەیی دەوڵەمەندتر دەکات، دەتوانێت هەستی نەتەوەیی لە شتێکی غەریزەییەوە بۆ مەعریفەی نەتەوەیی ڕەنگڕێژ بکات.

**چوارەم: گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی:**

ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک بوە. یەکەمین ژمارەی لە شوباتی (1981) لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەستەڵاتی شۆڕشی کوردستان و دواین ژمارەشی، کە ژمارە (33)یە، لە ئابی (1985) لە ئەوروپا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

## 2. خوێندنەوەیەکی مێژویی و میتۆدی بۆ گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی:

### 2.1. مێژویی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی:

(پارتی سۆشیالیستی کورد –پاسۆک، 1975-1992) وەکو یەکێک لەو پارتانەی، کە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول(1961-1975) لە ساڵی (1975) خۆی ڕاگەیاند، هەر لە زوەوە ویستویەتی سیاسەت و

ستراتیژیەتی کاری حزبیی لە ڕێگای نوسین و چاپەمەنییەوە بگەیەنێتە جەماوەری کوردستان، بەڵام توانای ماددی و زەحمەتی دەستگەیشتنیان بە هۆکارەکانی چاپەمەنی بەربەستی بەردەمیان بوە، بۆیە لە کاتێکدا ئاڵای سوری کوردایەتی دەردەکەن، کە شەش ساڵ بە سەر تەمەنی پارتەکەیاندا تێدەپەڕێت، ئەمەش نەک وەکو ئۆرگانێکی فەرمی پارتەکەیان، بەڵکو وەکو ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک، وەکو دەریش دەکەوێت ویستویانە ئەو هەنگاوە سەرەتایەک بێت، بۆ لە چاپدانی ئۆرگانێکی ناوەندی حزبی، هەروەک خۆشیان لە یەکێک لە ژمارەکانی ئاڵای سوردا ئاماژەی پێدەکەن، ئەوان هەستیان کردوە بەبێ بونی چاپەمەنی، ئەرکی سیاسی حزبیان لە لەنگیدایە، بەڵام ئاڵای سوری کوردایەتی دەتوانێت ئەو هاوسەنگیە ڕابگرێت (عەلی، ئاداری 1982: 3).

توێژەران وەکو لە چوارچێوەی توێژینەکەیان دەریانخستوە، چاپە ڕەسەنەکانی گۆڤارەکەیان دەستنەکەوتوە بۆیە بۆ دیاریکردنی کات و شوێنی دەرچونی گۆڤارەکە پشتیان بە پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی پاسۆک بەستوە کە بەم شێوەیە تۆمارکراون:

| ژ | مێژوی دەرچون | ژ. لاپەڕە | ژ | مێژوی دەرچون | ژ. لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شوباتی 1981 | 22 | 8 | ئەیلولی 1981 | 72 |
| 2 | ئازاری 1981 | 40 | 9 | تشرینی یەکەمی 1981 | 39 |
| 3 | نیسانی 1981 | 44 | 10 | تشرینی دوەمی 1981 | 30 |
| 4 | مایسی 1981 | 32 | 11 | کانونی یەکەمی 1981 بەهەڵە نوسراوە 1982 | 62 |
| 5 | حوزەیرانی 1981 | 36 | 12 | کانونی دوەمی 1982 | 24 |
| 6 | تەموزی 1981 | 30 | 13و14 | مارتی 1982 | 49 |
| 7 | ئابی 1981 | 29 | 15 و 16 | نیسانی 1982 | 56 |

## 2.2. ئاڵای سوری کوردایەتی شێوە و ناوەڕۆک:

لەبەرئەوەی ژمارە ڕەسەنەکانی ئاڵای سوری کوردایەتی بە دەست توێژەران نەکەوتون، تا بتوانن خوێندنەوەیەکی ورد بۆ شێوە و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بکەن، بەڵام بە پشت بەستن بەو ژمارانەی، کە بە ڕێگای جیاواز بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ ئەوانەی لە پەرتوکێکدا کۆکراونەتەوە و ئەوەی لەبارەشیەوە نوسراوە، گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی، یەکەم ژمارەی لە شوباتی (1981) بە قەبارەی نیو ئەی فۆر لە شاخ چاپکراوە، دواین ژمارەشی کە ژمارە (33)یە، لە ئەوروپا و لە ئابی (1985) بڵاوکراوەتەوە (تەنیا، 2013: 94).

وەکو دەبینرێت گۆڤارەکە بە لاپەڕەی جیاواز لە نێوان (6) تەوەری سەرەکیدا، پەیامی خۆی بەیان کردوە، ئەوانیش لە چەند ناونیشانێکی جێگیر پێکدێن و هەر لە ژمارە (1) تا ژمارە (15 و 16)ی بە کەمێک

گۆڕانکارییەوە، خۆیان لە تەوەرەکانی (ڕازێکی کوردانە، بانگێ لە سەنگەری پاسۆک، قوتابخانەی پاسۆک، شادەمارە سەرەتایەکانمان، لە کەلەپوری شۆڕشگێریمان و ماڵئاوا) دەبیننەوە. ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە ژمارەکانیشدا بە دیاردەکەون، بونی تەوەرێکە بە ناونیشانی (تاریک و ڕون)[2]، لە ژمارە (10)شیدا تا ژمارە (16)ی تەوەرێکی بۆ ناساندنی چەمک و دەستەواژە سیاسییەکان بە ناونیشانی (فەرهەنگۆک) زیادکردوە، لە هەمان ژمارەش دەست بە وەرگێڕانی کتێبی (میر[3]) لە نوسینی (ماکیاڤیلی)ی کراوە.

بەرگی سەرەکی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی لە پەرتوکێکی کراوە دەچێت، لای ڕاستی نوسراوە (پێش ئەوەی هەرشتێ بین دەبێ کوردبین) و لە سەرەوەی بەشی چەپیشی نوسراوە (چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە)، هەردو دروشم وەکو سیاسەتی ناوەندی پاسۆک دەبینرێن، لە بەشی خوارەوەی لای ڕاستیشی ژمارە و ڕێکەوتی زاینی هاتوە، لە لای خوارەوەی بەشی چەپیشی ڕێکەوتی کوردی و نرخەکەی تۆمار کراوە، لە بارەی نرخەکەشی نوسراوە بەپێی توانا. لە ناوەڕاستی بەشی خوارەوەشی نوسراوە، ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی (پاسۆک)ە.

لە بارەی واتای لۆگۆیەکە، کە بەشێوەی چوارگۆشەیی هەردو لاپەڕەی کتێبە کراوەکەی گرتوە، لە قوژبنی سەرەوەی لای ڕاستی دو بازنە دەبینرێن، بازنەی دەرەوەی چوار تیشکی بەرەو خوارەوە لێ دەڕوات و بازنەی ناوەوەشی، کە لە نیوە گۆیەکی زەوی دەچێت کراوەتە چوار بەش، لە هەر بەشێکیشی سێ تیشکی بچوک، کە دەکاتە 12 تیشک لە زەوی لێ بەرزدەبێتەوە، هەرچی پەیوەندی بەو بۆشاییەوە هەیە، کە دەکەوێتە قوژبنی خوارەوەی لای چەپی، بڵێسەی ئاگر و مەشخەڵێکی شێوە پێنوس لەخۆدەگرێت، بەلاریش کە نیوەی لای چەپی مەشخەڵەکەی گرتوە، وێنەی خەنجەرێک کێشراوە، تەواوی کارەکەش بە پێنوس و دەست کراون، هەروەکو چۆن تەواوی ناونیشانی بابەتەکانی ناو گۆڤارەکەش بە دەست نوسراون.

ناوەڕۆکی گۆڤارەکە دەردەکەوێت بە تایپڕایتەر نوسرابێتەوە و دواتر لە ڕێگەی ڕۆنیۆ چاپکرابێت و دابەشکرابێت، بۆ ژمارەی چاپکردنەکەشی هیچ زانیاریەک بەردەست نییە، بەڵام لە بارەی چۆنیەتی دابەشکردنی (هاوڕێ باخەوان[4]) بەم شێوەیە وەڵامی ئامادەکاری کتێبی لە کاژیکەوە بۆ پاسۆک دەداتەوە:" بەهۆی تەتەرەکان بڵاوکراوەکانمان دەگەیاندە شارەکانی (سلێمانی و کەرکوک و تاڕادەیەکیش هەولێر)، هەروەها لە ناو گوندەکانیش بڵاومانەکردەوە و بۆ پارتە کوردستانییەکانیش دەنێردرا، لە ڕێگای ئێرانیشەوە ئەوەی بڵاومان دەکردنەوە پۆستمان دەکردنە ئەوروپا"(ئەمین، 2017: 255).

لە بارەی دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی، لە هیچێک لەو (16) ژمارەیەی، کە بونەتە نمونەی توێژینەوە لە کۆی (33) ژمارەی بڵاوکراوە، ناوی ستافی کار تۆمار نەکراوە، بەڵام بەپێی تێبینی ئامادەکاری پڕۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەی پاسۆک (ئازاد مستەفا[5]) خاوەنی زۆرترین

بابەتەکانی ناو گۆڤارەکە بوە و دواجار هەر خۆی بە گۆڤارەکەدا چۆتەوە (بەرزنجی، 2022: 14)، بۆ دڵنیابونەوە لەو هەمو ئەرکەی، کە (ئازاد مستەفا) لە گۆڤارەکە بینیویەتی، نوسەرێک جەخت دەکاتەوە لە سەرقاڵی سکرتێری (پاسۆک) بە ئەدەبیاتی حزبەکەیان و دەنوسێت:"99%ی ئەدەبیاتی پاسۆک لەلایەن ئازاد مستەفاوە دەنوسرا" (باخەوان، 2018: 50).

## 2.3. هۆکار و مەبەستی دەرچونی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی:

لەبارەی هۆکاری دەرچونی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئاماژانەی، کە لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکەدا هاتون، کە لەو پێناسەیە خراوەتەڕو، کە بۆ ڕۆڵی وشە لە هۆشیاریی و هاندانی جەماوەر دەربڕاوە و لە دەروازەی یەکەمین ژمارەیدا بە ناونیشانی (ئاڵای سوری کوردایەتی) تۆمارکراوە و لەلایەن کۆمیتەی سوپایی (پاسۆک) بەیانکراوە. لەو پەیامەدا، وشە و چەک وەکو دوڕوی یەک دراو وەسفکراون و تیایدا هاتوە "وشە سەرەتای کردارە و بڵێسەی کاروان... وشە دینامیتە و نارنجۆک، قەڵای زوڵم و زۆرداری هەڵئەتەکێنێ" (شوباتی 1981: 3) لەو دەستەواژانەی پاسۆک دەردەکەوێت، کاتێک هێزێکی سیاسی لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی دایە، لەتەک خەباتی چەکداری، ئاگاداری بەهای وشەیە لە گەیاندنی پەیام و ئامانج و مەبەستەکانی هێزەکەی بە کۆمەڵ و ئەو کۆمەڵگەیەی شۆڕشی لە پێناودا دەکات. ئەمەش لەو ڕوانیینە سەرچاوە دەگرێت، کە دەڵێت: "ئەو ڕۆڵەی بەرگریی چەکداریی لە گەشەی هۆشیاریی نەتەوەییدا دەیگێڕێت، لە لایەکەوە خۆی لە زیندوکردنەوەی شوناس و خواست بۆ بەرگریی کولتوریی و لە لایەکەی تریشەوە مانای دەرباز بون لە ئاگاییی عەشیرەیی بۆ ئاگاییەکی نەتەوەیی" دەبینێتەوە (ساڵح، 2019: 134).

لە پەیامێکی تردا، کە بە ناونیشانی ڕازێکی کوردانە بڵاوکراوتەوە، بەبێ ئەوەی ناوی هیچ دامەزراوەیەکی پاسۆک بە گۆڤارەکەشیانەوە لەسەر بێت، داوا لە جەماوەر کراوە لە کێماسییەکانیان ئاگاداریان بکەنەوە و تەنانەت پێیان دەڵێت "ئەگەر کارێکی چاکمان کرد ستایشمان نەکەن، بەڵام ئەگەر لە هێڵی گشتی کوردایەتی لامان دا ڕاستمان بکەنەوە" (بێ ناوی نوسەر، شوباتی 1981: 4). لە بروسکەیەکی تردا، کۆمیتەی سەرکردایەتی گشتی پاسۆک، وێڕای پیرۆزبایی بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ئاڵای سور، داوا لە ستافی گۆڤارەکە دەکات گۆڤارەکەیان بکەنە دەنگی جەماوەر و پێشمەرگە و گوزارشتیش لە کورد بکات و دروشمیشی (کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان) بێت (شوباتی 1981: 5).

مەبەستی پاسۆک لە دەرکردنی گۆڤاری ئاڵای سور هاندانی جەماوەر بوە بۆ بەشداریکردن لە بزوتنەوەکەیاندا، لە هەردوک تەوەرەکانی گۆڤارەکەیان (قوتابخانەی پاسۆک و بانگێ لە سەنگەری پاسۆک)دا و لە ژمارە یەکیاندا، بە ناڕاستەوخۆ داوا لە جەماوەری کوردستان دەکەن پەیوەندی بەو هێزەوە بکەن، کە کوردایەتی دەکات، مەبەستی پاسۆک لەو دەستەواژەیەش خۆیانن، چونکە لەو قۆناغەدا

پاسۆک باوەڕی وابو، کە ئەوان زیاتر لە هەمو هێزەکانی تری کوردی کار بۆ بزوتنەوەی نەتەوەیی دەکەن و تێکەڵکێشــکردنی هەردو دەســتەواژەی (کوردایەتی و ناســیۆنالیزم)یش لە یەک بۆتەدا، بوەتە ئەدەبیاتی سەرەکیان و وەها دەنوسن "ئێمەی پێشمەرگەی پاسۆک سەربازی کوردایەتین، ئێمەی ئەندامانی پاسۆک ڕێنماییکەرانی کورددایەتین"(بێ ناوی نوســەر، شــوباتی 1981: 10). لە گۆشــەی دوەمیشــدا بانگەوازی خەڵک دەکەن بۆ بەشــداریکردن لە بزاڤی شــۆڕگێڕیی گەلی کورد و ڕاســتەوخۆش لە پەڕەگرافی کۆتایی بۆیان دەنوســن:"هیوادارین کە ئەو بانگەوازە دوا قۆناغی کپبونتان بێت و ســەرەتای بەشـداری شــەڕەفی کاروانی خەباتی نەتەوایەتییتان بێت" (بێ ناوی نوسەر، شوباتی 1981: 14).

## 3. کاریگەریی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی لەسەر هۆشیاریی نەتەوەیی

### 3.1. هۆشیاریی سیاسی:

هۆشیاریی سیاسی، کۆمەڵێک بنەما و بۆچون و بەهای سیاسین، کە دەرفەت بۆ تاک دەڕەخسێنێت تا بەشدارییەکی کارای لە دۆخی کۆمەڵگەکەی هەبێت. بەشێوەیەکی تر گوزارشت لە دیدگەی تاک دەکات بۆ سیستەمی سیاسی بەرکار و پرۆسەی سیاسیی و کارەکتەرە سیاسییەکان، ئامانج و پرۆگرامی ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان و هەڵوێستیان، بەو مانایەی زانیاری تاکە لەبارەی پرسەکان و دامەزراوە و سەرکردە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکیدا (العازمي، 2023: 140).

لەم چوارچێوەیە کاتێک خوێندنەوە بۆ جەوهەری دەستەواژەی هۆشیاریی سیاسی دەکەین، باوەڕمان وایە هەرکاتێک تاکەکانی کۆمەڵ ئاشـــنایەتی باڵایان لەگەڵ ماف و ئەرکەکانیان، ژینگەی خودی و کۆمەڵ لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە هەبێت، ئەوە دەتوانن لەو دۆخەی تێیدان، بڕیاری تەندروست وەربگرن.

پارتی سۆشیالیستی کورد- پاسۆک جگە لەوەی زۆربەی بابەتەکانی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی بۆ گەیاندنی سیاسیەتی پارتەکەی بە جەماوەر تەرخانکردبو، لە هەمانکاتدا گۆشەیەکیشی بە ناونیشانی (شادەمارە سەرەتایەکانمان) بۆ ئەم مەبەستە دیاریکردبو، کە لە ژمارە دوی تا ژمارە شازدەی بە زنجیرە بڵاو دەکردەوە، لە یەکەم خاڵی ئەم گۆشـــەیەشـــدا، کە بە ناونیشـــانی (ڕزگاریی و یەکگرتن و ئازادی کوردســتان و یەکســانی نەتەوەیی کورد) بڵاوکراوتەوە، بونی کورد لەو ناوچەیە و بەســتنەوەی بە نەتەوە کۆنینەکان، یەکێک لە تەوەرەکانی بوە، لەگەڵ پەیوەندی کورد بە وڵاتانی بەســـــەردا دابەشـــــکراو، خوێندنەوەیەکی خێراشیان بۆ شـۆڕش و بزوتنەوە نەتەوەیەکانی کورد کردوە. دواتر هاتونەتە سەر مافی کورد بۆ دامەزراندنی کیانی خۆیان لەو ســنورە جوگرافییەی کە تێیدا دەژین و دەنوســن" کورد دەبێ لەو سنورەدا کیانی خۆی دابمەزرێنێ" (بێ ناوی نوسەر، ئازاری 1981: 27- 36).

ئەو هێزە ناشـــارێتەوە، کە داخوازی نەتەوەیی بەدەســـت نایەت ئەگەر پەیوەندییەکانی بزوتنەوەی چەکداری هاوتەریب لەگەڵ داخوازی جەماوەر نەڕوات، بۆیە دەیەوێت گۆڤارەکەی وەکو پردی پەیوەندی بۆ ئەو مەبەسـتە سـود لێ وەربگرێت، بۆ ئەو مەبەسـتە لە ژمارە یەکیدا، بەم شـێوەیە پەیامێک ئاراسـتەی جەماوەر دەکات و دەنوسێت "بیروباوەڕ و حیزب و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی هۆ و کەرەستەی ئامانجەکانی جەماوەرن. نەیەڵن ئەم ڕاستییە ئاوەژو کرێتەوە و ئامانج و خواستەکانتان، بکرێتە کەڵەکی پەڕۆ و ویستی تاکە کەســی حیزبایەتی پێ وەپەڕێن... ئێوە نەبن ئاشــی هەمو لایەک بەتاڵە" (بێ ناوی نوســەر، شــوباتی 1981: 4).

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ئەدەبیاتی ئەو حزبەدا، کوردســـتان وەکو ناوچەیەکی جوگرافی، کە خاکی کوردانە و ڕایەڵەی مێژو، زمان و کولتوری ئەو میللەتەیە، کە لە دێرزەمانەوە لەســـەری دەژیت، وەکو جەوهەری ناساندنی بیری نەتەوەیی خۆیان نیشانبدەن (پاسۆک لە چەند دێرێکدا، زنجیرەی پێشڕەوەکەت بناسە، 1980: 2).

بەپێی پەیامەکانی ســـەرەوە بێت، پاســـۆک هزری نەتەوایەتی بەســـتۆتەوە بە بونێکی ســـروشـــتی لە سنورێکی دیاریکراودا، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە کوردستان لەڕوی پانتاییەوە ئەوەندە فراوانە ئەگەر لەڕوی دیمۆگرافییەوە سەیری بکەین، نەتەوە و خاوەن کولتوری تریشی تێیدا نیشتەجێن، ئەمە جگە لەو جیاوازییە کولتوری و زمانییەی، کە لە نێو کوردا خۆشی بونی هەیە.

هەر لە ژمارە یەکیدا، مافی نەتەوایەتی کورد لە بونی بالادەستی بەسەر جوگرافیایەکەیدا ڕونکراوەتەوە و نوســـراوە:"مرۆڤ تاکە هۆکاری ئەرێنییە لەم گەردونەدا و کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی تر و بەپێی دەســـتور و بەڵگەی ژیان و مرۆڤایەتی مافی ئەوەی هەیە بونی نەتەوەیی خۆی لە قەوارەیەکی یەکگرتوی ئازادی ســیاســی پارێزراودا بســەپێنی بەســەر واقیعی دابەشــکردن و چەوســانەوەیدا" (بێ ناوی نوســەر، شوباتی 1981: 9).

ئەوەی لە تەواوی گۆڤارەکە دەخوێندرێتەوە، نەتەوە و نەتەوەیی بون، گەیشـــتن بە مافی چارەی خۆنوسین، پرسی سەرەکی پاسۆک بوە، بۆیە کاتێک دەیانەوێت چەمکێکی وەکو ئازادیش شرۆڤە بکەن بۆ بەدیهێنانی، بونی هێزی چەکداری بە پێویست دەبینن (بێ ناوی نوسەر، تشرینی دوەمی 1981: 9–10).

باســکردن لە کۆلۆنیالیزم وەکو چەمکێکی ســیاســی، کۆمەڵایەتی و ئابوری، لە گۆشــەی قوتابخانەی کوردایەتی ژمارە چواریدا بۆ زیاتر ئاشـــناکردنی خوێنەرانیەتی بەو پرۆســـە مێژوییەی، کە جیهان و کوردســـتانی گرتوەتەوە. لەو ســـۆنگەیەوە هاتون باســـی شـــێوازی نوێی ئیســـتیعماریان کردوە، کە تیایدا چۆنیەتی هەڵسـوکەوتی ئەو وڵاتانەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە و چ ڕێگایەکی داگیرکارییان لە هەمبەر کورد بەکارهێناوە، خستۆتەڕو (بێ ناوی نوسەر، ئایاری 1981: 21–24).

لە پاڵ ئەو دەستەواژانە سیاسەتی بەعس وەکو هێزێکی داگیرکەر لە یەکێک لە ژمارەکان ڕونکراوەتەوە و تیایدا هاتوە، ئەگەر بەعس بە هەر شـــێوەیەکی تر، خۆی پیشـــانی نەتەوەی کورد بدات، هەمان ئەو بەعســـەیە، کە لە ســـاڵی (1963 و 1968 و 1970) بینراوە و تاقیکراوەتەوە، بۆیە بە خوێنەرانی دەڵێت "بەعس هەر بەعسە و ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیەتی و کوردکوژیی لە ناخیاندایە" (بێ ناوی نوسەر، ئایاری 1981: 5).

ئامانجی پارتی ســـیاســـیی کۆکردنەوەی زۆرترین ڕێژەی جەماوەرە بە دەوری خۆیدا، بۆیە ڕونکردنەوەی سیاسەتی پارتەکەیان لە ڕێگای ئامرازی میدیایی، ئاشنایەتی تاک بۆ بەرنامەی ئەو پارت و ڕێکخراوە زیاتر دەکات، لەم ڕوانگەیەوە پاســـۆک ویســـتی لەژێر باڵی بیری نەتەوەیی ســـیاســـەتی خۆی دابڕێژێت و ئاشکرا بکات.

بۆ ئەوەی خەڵک پەیوەندی بە هێزەکەیانەوە بکەن، بە زمانێکی شـــۆڕشـــگێڕانە هەوڵیداوە مەرجی هاتنەدی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان ببەستنەوە بە بەشداری تاکی کوردستانی بە هێزی پێشمەرگە و پێیان دەڵێت: "پێشـمەرگایەتی دەسـتێ جلی خاکی و تفەنگێک و ناو لەخۆنان نییە، پێشـمەرگایەتی مانا و بون و چەمکێکی دیار و پیرۆزە، ڕەفتار و هەڵســـوکەوت و ڕێباز و گیانە"(بێ ناوی نوســـەر، تەمموزی 1981: 21). لە دیاریکردنی ئەرکەکانی پێشمەرگەش دەنوسێت:" تۆ بۆیە پێشمەرگەی تا کورد لەو واقیع و بارە نالەبار و داســـەپاوە ڕزگار بکەیت، ئەوەش تەنها بەوەدەبێت، کە بونت ڕەنگدانەوەی کوردایەتی بێت" (بێ ناوی نوسەر، تەمموزی 1981: 21).

گۆڤارەکە هەوڵدەدات ببێت بە بەرجەستەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە و لەو سۆنگەیەوە، بایەخ بە کردە نهێنییەکانییان دەدات، لە گۆشـــەیەکدا بە ناونیشـــانی (تیشـــکێک لە خۆری کوردایەتییان)یش بڵاویان دەکاتەوە (بێ ناوی نوسەر، شوباتی 1981: 15).

لە ژمارە سـێدا بە ناونیشـانی (دێڕیک لە داسـتانی بەچکە شـێرانی نەتەوەیی) چەندین هەواڵی چالاکی پێشمەرگانەی پاسۆک بڵاودەکاتەوە، کە دەکەونە مانگەکانی کانونی دوەم و شوباتی ساڵی 1981، یەکێک لەو ڕوداوانە، چالاکی هەڵکوتانە ســەر بەشــی ناوخۆیی قوتابییانی زانکۆیی ســلێمانییە (بێ ناوی نوســەر، نیســـانی 1981: 28 –30)، هەرچەندە ئەم چالاکییە هۆکارێک بوە بۆ زیاتر بەناوبانگ بونی پاســـۆک و ئازادکردنی خانەوادەی بەشـێک لە پێشـمەرگەکان لە دەسـتی ڕژێمی عێراق (فەقێ، 2018: 132)، بەڵام لە بەرهەمەکانی ئێســـتادا، پاسـۆک لە بەرانبەر ئەو چالاکییە ڕەخنەباران دەکرێت و بە هۆکارێکیش دەزانرێت بۆ گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر (باخەوان، 2018: 19).

یەکێکی تر لە چالاکییەکانی پێشـمەرگەی پاسـۆک، کە دەکەوێتە (17ی نیسـانی 1981) و گۆڤارەکە بە شـــانازییەوە باســـی لێوەدەکات، ئەویش بەهاناوەچونی پێشـــمەرگەکانی یەکێتیی نیشـــتمانیی کوردســـتان و

حزبی شـیوعییە، کاتێک لەلایەن هێزێکی عێراقی گەمارۆ دەدرێن و بەخۆیان و بە حزبی سـۆشـیالیسـتی کوردستان پاڵپشتیان دەکەن و لەو گەمارۆییە ڕزگاریان دەکەن (بێ ناوی نوسەر، ئایاری 1981: 26).

## 3.2. یەکگرتویی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی:

لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول (1961-1975) کە لە ساڵی (1975) ڕاگەیەندرا، ژمارەیەک پارتی سیاسی لە نێو بزاڤی شۆڕشگێڕیی کوردستان سەریان هەڵدا. بەشێک لە ئەندام و سەرکردەکانی ئەو پارتانە، بەر لەو مێژوە لە چوارچێوەی ئەو بزوتنەوە سەربازی و جەماوەرییەدا کۆببونەوە، کە (پارتی دیموکراتی کوردستان) بە سەرکردایەتی (مەلا مستەفا بارزانی) لە ژێر ناوی (شۆڕشی ئەیلول) بۆ ماوەی (14) ساڵ لە دژی حکومەتی عێراقی بەرپایان کردبو کۆببونەوە، حزب و ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان بۆ درێژەدان بە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردی دروست کرد، بونی ئەو ژمارە زۆرەی پارت لە زۆنێکی سنوردار و هەڵگری ئایدیا و میتۆدی دژبەری یەکتر، لە چۆنیەتی ئیدارە و سەرپەرشتیکردنی بزوتنەوەکە و هەوڵی هەریەکەیان بۆ فراوانکردنی ڕکێفی خۆیان، هەرزو بەرەو ڕوی یەکتری کردنەوە، بەمەش لەو ئامانجانەی بۆی دامەزرابون دوریان خستنەوە و لە بری ئەوەی بەرەو ڕوی هێزی حکومەتی عێراقی ببنەوە، چەکەکانیان ئاراستەی یەکتری کرد.

پاسۆک، کە یەکێک بو لەو پارتانە دوای ئەو مێژوە لە دایک بو. هەوڵیدەدا ئەو هێزە دژبەرانەی یەکتری لە بازنەیەکدا کۆبکاتەوە، تەنانەت سەروتاری یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئاڵای سور بە ناونیشانی (یەکێتی ڕیزەکانی شۆڕشگێڕانی کورد بەردی بناغەی سەرکەوتنمانە) بۆ ئەو پرسە تەرخان دەکات و لە ناوەڕۆکیشدا، دوای ئەوەی بانگی جەماوەری کوردستان دەکات، تا پاڵەپەستۆ بخەنە سەر هێزە ڕکابەرەکان بۆ ئەوەی لە یەکتری نزیک بکەونەوە، بە دروشمی (تا مل کەچی پەکی نەخستوین، با بۆ ئازادی یەکگرین) کۆتایی بە بابەتەکە دەهێنێت (بێ ناوی نوسەر، شوباتی 1981: 6).

کاتێک هێزەکانی حزبی سۆشیالیستی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شەڕی چەکداریی لەنێوانیان هەڵدەگیرسێت، ئاڵای سوری کوردایەتی لە بابەتێکدا بە ناونیشانی لە "هەگبەی دۆستایەتیدا" داوایان لێدەکات شەڕ ڕابگرن و تیایدا هاتبو"هەمو پێکداچون و پێکدا پژانێک لە نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد، بە کارێکی چەوت دەزانین و هەل لەدەستدانی کوردە"، بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکەش پاسۆک نوسراوێک بۆ حزبی سۆشیالیست دەکات و تیایدا بە سێ خاڵ، کە لە یەکێکیاندا داوای ئازادکردنی (نەوشیروان مستەفا) بوە، داوای پێکهێنانی لیژنەیەک دەکەن، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان هەردو بەرەی ناکۆک (بێ ناوی نوسەر، ئازاری 1981: 24). لەپاڵ ئەو داوایەیان لە هێزەکانی دژبەری یەکتری، داواکارییەکی تایبەتیشیان بۆ هێزەکانی خۆیان کردبو، تیایدا هۆشدارییان پێدابون لە چونە نێو ململانێی ئەو هێزانە و بۆیان دەنوسن: "پێویستە هاوبیران و پێشمەرگەکانی پاسۆک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان و

بیروباوەڕەکەمان کار بکەن، نەک ببنە قولّچی و سەر ڕێگا بە خەلّکی بگرن، نە هەلّەی ئێمە بە دەرخستنی هەلّەی خەلّکی دادەپۆشرێ و نە پاکیمان بە هەلّەی خەلّکی دەشاردرێتەوە. بۆیە هەر بیروڕا و ڕەفتار و گوفتار و بانگەشەیەکی نەرێنی، دژی هەر لایەکی شۆڕشگێر، بە دوژمنایەتی کوردایەتی و پاسۆک دادەنێین و هەر هاوبیرێکیش لەم خوازە دەرچێت، لەڕێبازی پاسۆک دەردەچێت" (بێ ناوی نوسەر، ئازاری 1981: 6)

بۆ نەورۆزی سالّی (1981) پاسۆک بەیاننامەیەک بڵاودەکاتەوە و تیایدا وێڕای داوای یەکگرتن و یەکریزی نوسیویانە "دلّسۆزانی کورد، با نەورۆزی ئەمسالّمان بکەینە ڕۆژی یەکگرتن و یەکبون، با هەمومان بۆ ئازادی و یەکسانی دەست دەنێو دەستی یەک نێین، با لە سەرتاسەری کوردستانی مەزندا، ئامانج و پلان یەکخەین" (بێ ناوی نوسەر، ئازاری 1981: 37 و 38).

وەکو دەردەکەوێت تا ڕوداوی کوژرانی دو لە پێشمەرگەکانی پاسۆک لەلایەن (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە (22ی حوزەیرانی 1981)، پاسۆک وەک هێزێکی بێ لایەن مامەڵە دەکات، بەڵام لەو مێژوە بە دواوە ئەوانیش دەبنە بەشێک لەو شەڕە براکوژیەی، کە لە شاخ بەرۆکی پارتە کوردییەکانی گرتبو (فەقێ، 2018: 150). بە هەمان شێوە گۆڤاری ئالای سوری کوردایەتیش گۆڕانکاری بەسەر پەیامەکانیدا دێت و لە سیمینارێکدا کە بۆ یادی دامەزراندنی پارتەکەیان دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە بۆ ژمارەیەک سەرکردە سازیانکردبو، یەکێک لە بەشداربوان کە ناسناوی (بەختیار)ی هەلّگرتبو، دەلّێت:"هەتا ماوەیەکیش لەمەوبەر- بە زۆری خۆمان و خۆڕاگریمان- هەتا پەیوەندیمان لەگەڵ داشە هارەی- سەرسامەکەشدا، کە مەبستم بە "ناو یەکێتی"یە باش بوە، بەڵام هەر بەمە مابوین و وەکو دەشزانن بەو جۆرە لاقی ئێمەشیان گەر! بەس نرخی ئەم سەرچڵییە دەبێ بدەن گەلّەگاییش تاسەر بۆکەس نەچۆتە سەر!"(ئەیلولی 1981: 36)

توێژەرێکی مێژویی لە دەمی هاوبیرانی پاسۆکەوە، کۆمەلّێک هۆکار بۆ ئەو شەڕە ڕیز دەکات، بەڵام ئەوەی بۆ توێژەران جێی سەرنجە، هەلّوێستی (نەوشیروان مستەفا)یە لە پەنجەکان یەکتری دەشکێنن (1997) و، تیایدا پاسۆک بە حزبی دۆست ناودەبات و دەلّێت:"هاوکار و پالّپشتیشیان بوین" (ئەمین، 1997: 208)، بەڵام بە پێچەوانە (مەلا بەختیار) لە لەبری بیرەوەری (2020) هێزەکانی پاسۆک بەوە تۆمەتبار دەکات، کە دۆخی هەلّگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران (1980-1988)یان قۆستۆتەوە و بە هاوبەشی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆشیالیستی یەکگرتوی کوردستان و بە پشتیوانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرەی شەڕیان لە دژی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کردۆتەوە (بەختیار، 2020: 256).

دواجار ئەو توێژەرەی کە لەبارەی مێژوی (پارتی سۆشیالیستی کورد- پاسۆک) نوسیویەتی هۆکارەکان بەم شێوەیە دەخاتە ڕو: "بە هۆی داواکردنی حزبی پێشڕەوایەتی لەلایەنی یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان لەلایەکەوە، هاوکاری پارتی سۆشیالیستی کورد-پاسۆک لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و تۆڵەکردنەوەی ڕابردو، لەلایەکی ترەوە"، شــەڕ لە نێوان پارتی ســۆشــیالیســتی کورد-پاســۆک و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هەڵگیرسا (فەقێ، 2018: 152).

ســەرەڕای توندبونی شــەڕی نێوان (پارتی ســۆشــیالیســتی کورد-پاســۆک و یەکێتی نیشــتمانیی کوردســتان). پاســۆک بانگەوازێک بۆ پێشــمەرگەکانی دەکات و تیایدا هاتبو: "ئەگەر ئێوە لە ئامانجەکەی خۆتان، کە بەرگریکردنە لە کوردســـتان و وەدەرنانی دوژمنانی کوردســـتان لە خاکەکەی و بە پێچەوانە هەڵبخەڵەتێن و لولەی چەکەکانتان ئاراســـتەی برا هاوســـەنگەرەکانتان بکەن، هیچ جیاوازیتان لەگەڵ داگیرکەردا نییە" (بێ ناوی نوسەر، تەمموزی 1981: 22).

پارتی سـۆشـیالیسـتی کورد- پاسـۆک لە ژمارەی تشـرینی یەکەمی (1981)ی گۆڤاری ئاڵای سـوری کوردایەتی، لەگەڵ ئەوەی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان بە هەڵگیرسـێنەری شـەڕ دەبینێت، بەڵام لەهەمان کاتدا پاڵپشتی خۆی بۆ پێشنیازی (حزبی شیوعی عێراق) بۆ ئاشتی دەخاتەڕو و دەنوسێت: "خۆری ئازادی و یەکسـانی تەنها لە یەکێتیی و برایەتی و تەبایی هەڵدێت" (بێ ناوی نوسـەر، تشـرینی یەکەمی 1981: 5-7).

لە زۆرێک لاپەڕەی گۆڤاری ئاڵای ســـور، ئەو جۆر پەیام و وتارانەی، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ لێدان لە پارتە کوردییەکان بەکاردەهێنران دەبینرێن، کە بە بڕوای ئێمە لەو لایەنەوە ئەوەندەی کار بۆ بەرژەوەندی حزبی کراوە، ئەوەندە بیر لە هۆشـــیاریی نەتەوەیی نەکراوەتەوە. ناشـــکرێت ئەوەش لەیاد بکەین، پاسـۆک زۆر بوێربوە لە دانان بە هەڵەکاندا و ئەو ئازایەتیەشـیان لە سـەروتاری چونە نێو سـاڵی (1982) بەڕونی دەردەکەوێت و تیایدا هاتبو: "ســـاڵی پار، ئەوەندەی یەکترمان هەڵقەندوە، ئەوەندەمان بەرانبەر داگیرکەرەکان بکردایە، ئێستا هێندەی (نەمسا و لۆکسۆمبۆرگ) ناوچەی ڕزگارکراومان دەبو" (بێ ناوی نوسەر، کانونی دوەمی 1982: 5-7).

## 3.3. هۆشیاریی مێژویی:

گرنگی و بایەخدان بە بابەتە مێژوییەکان یەکێک لە ئامانجەکانی گۆڤاری ئاڵای سـوری کوردایەتی بوە، باوەڕیان وابوە مێژو ناوەڕۆک و جەوهەریی بونی هەر نەتەوەیەکە، بۆیە گەڕانەوە بۆ ئەو ڕابردوە، بە بڕوای ئەوان هۆشیاریی نەتەوەییان زیاتر دەکات و وەکو خۆیان نوسیویانە "نەبادا کورد لە دونیای بون و باوەڕدا برازێنێ" ئەوان گرنگی بە مێژو دەدەن (بێ ناوی نوسەر، نیسانی 1981: 7). ئەم هەنگاوەی ستافی گۆڤارەکە لە پەیڕەوی پارتەکەشـــیاندا ڕەنگیداوەتەوە و لە خاڵی (3)م بڕگەی ئامانجەکانیان لە بواری فەرهەنگیدا هاتوە "گرنگیدان بە فەرهەنگ و هونەر و وێژەی کوردی و پیادەکردنی دەسـەڵاتی ڕۆشـنبیریی" (بێ ناوی نوسەر، 1980: 11) یەکێک لە کارەکانیانە.

لەم چوارچێوەیەدا، ســـتافی ئاڵای ســـوری کوردایەتی کاتێک چونەتە نێو هەر مانگێکی ســـاڵ، یادی گرنگترین ڕوداوە مێژوییەکانی ئەو مانگەیان بە شـــــڕۆڤەی تایبەتی خۆیان کردوەتەوە، لەو مانگانەی کە زۆرترین ڕوداوی سەرکەوتن و کارەساتباری مێژویی کوردی لەخۆگرتوە، مانگی سێیە، بۆیە لە ژمارەی ئاداری (1981) لە چوار لاپەڕەدا، تەواوی ڕوداوەکان کۆکراونەتەوە و ســـەرەتا ڕوداوی بۆردومانکردنی ســـلێمانی لە (1924/3/4) لەلایەن وڵاتی بەریتانیا بیر دێننەوە، پێشـــیانوایە ئەو بۆردومانە دەرئەنجامی ڕەتکردنەوەی گەلی کورد بوە، بەوەی ببن بە بەشێک لە دەوڵەتی عێراق.

پاشـان یادی لە سێدارەدانی (پێشـەوا قازی محەمەد) و هاوڕێیان لە (1947/3/31) دێت و هەڵوێستی (قازی محەمەد) بەم شـێوەیە وەســف دەکەن"بەســـەری بەرز و شـــانازییەوە وەکو بڵندی شـــاخەکانی کوردستان و شانازی کورد بەخۆوە، سەرکەوتنە سەر ئەو سێدارانەی، کە لە مەردایەتیدا هەر بە بەژنە بالای کورد بڕژاوە". دواتر بۆنەکانی وەکو (ڕێکەوتنی 1970/3/11) و کەڕەتێکی تر هێرشـــی ڕژێمی ئەو کاتی عێراق بۆ ســـەر کوردســـتان لە (1974/3/11) و (ڕێکەوتنی جەزائیر) لە (1975/3/6) یاددەکەنەوە، ســـەرەڕای یادکردنەوەی نەورۆز، چ وەکو بۆنەیەکی نەتەوەیی، چ وەکو ســـاڵی نوێی کوردی (بێ ناوی نوسەر، ئازاری 1981: 3–4 و 17–18).

لە ژمارە (3ی نیســانی 1981) گۆڤارەکە گەشـتێک بەنێو ئەو یادە خۆش و ناخۆشـانەی، کە بەسـەر گەلی کورد لە مانگی نیســان هاتون دەکات و دەســتپێک لە هەڵگیرســانی بزوتنەوەیی گۆیان، کە لە (24ی نیسـانی 1919) ڕویدا دەست پێدەکەن، پاشـان (شـەڕی ئاوباریکی 1931)، یادی دامەزراندنی (کاژیک لە 14ی نیســانی 1959 [6]) و (بۆردومانی شــاری قەڵادزێ) لە (24ی نیســانی 1974) دەکەنەوە (بێ ناوی نوســەر، نیســانی 1981: 7–10)، ڕوداوی بۆردومانکردنی زانکۆی سـلێمانی لە شـاری قەڵادزە لە (24ی نیســـانی 1974)، (بۆردومانی شـــاری هەڵەبجە) لە (26)ی نیســـانی هەمان ســـاڵ، لاپەڕەکانی ژمارە هاوبەشـــەکانی (15 و 16)ی گۆڤارەکە داگیردەکەن، کە دەکەوێتە نیســـانی (1982). لەو بابەتە هەرچەندە باس لە ڕوداوێکی مێژویی دەکرێت، بەڵام هەوڵدراوە زیاتر لە چوارچێوەی پەیامێکی سیاسیدا بە خوێنەران بگەیەنرێت، باس لە شـــەهید دەکات وەکو ڕەمزی بەرگری و خۆبەدەســـتەوە نەدان، تەنانەت لە بابەتەکەدا، وەها ئاماژە بە چارەنوسی تاکی کورد کراوە، کە دەبێت هەر شەهید ببێت، نابێت بە مردنی سروشتی خۆی بمرێت (بێ ناوی نوسەر، نیسانی 1982: 3).

لە دایکبونی (ڕۆژنامەی کوردســتان) وەک یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە (22ی نیســانی 1898) وەکو بۆنەیەکی گرنگی مێژویی لە ژمارە ســێی (1981)ی گۆڤاری ئاڵای ســوری کوردایەتی ســتایشــکراوە و بە دەروازەیەکیش وەســفکراوە بۆ دەرچواندنی گۆڤار و چاپەمەنی تری کوردی (بێ ناوی نوســەر، نیســـانی 1981: 6).

دواتر گۆڤارەکە ســـێ لاپەڕەیی ژمارە پێنجی حوزەیرانی (1981) بۆ چەند بابەتێکی مێژویی تەرخان دەکات، شـۆڕشـی (شـێخ مەحمود 1881–1956) و هەنگاوەکانی بۆ سـەربەخۆیی و ئەو داسـتانانەی، کە شـێخ سـەرکردایەتی کردون و لەو مانگە و لە سـاڵی (1919) ڕویانداوە، لە نێویاندا (ئەو شـەڕەی کە لە 1919/6/18 ڕویداوە) لەخۆدەگرێت، بە بڕوای گۆڤارەکە، هەرچەندە شەڕەکە بە شکستی لەشکری (شێخ مەحمود) کۆتایی هات، بەڵام ڕێگای خۆشـکرد بۆ هەڵگیرسـانی (شـۆڕشـی 1920) لە عێراق (بێ ناوی نوسەر، حوزەیرانی 1981: 4).

لە هەمان کاتدا یادی ڕوداوی لە سـێدارەدانی (شـێخ سـەعیدی پیران 1865– 1925) و هاوەڵانی لە (1925/6/28) و کوشتنی (سمکۆی شکاک لە 1930/6/21) و ساڵوەگەری لە سێدارەدانی چوار ئەفسەری کۆماری کوردسـتان لە مهاباد لە (1947/6/19) بەناوەکانی (عیزەت عەبدولعەزیز، مسـتەفا خۆشـناو، خەیروڵڵا عەبدولکەریم و محەمەد قودسی) کراوەتەوە (بێ ناوی نوسەر، حوزەیرانی 1981: 5–6).

گۆڤارەکە بە پێویستی زانیوە باس لە ڕوداوێکی تری مێژویی مانگی حوزەیران بکات، ئەویش ڕوداوی زیندەبەچاڵکردنی (135) لاوی کورد بوە، کە لە (9ی حوزەیرانی 1963) لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی عێراق ئەنجامدرا. لە گۆڤارەکەدا هاتبو:"داگیرکەرە ڕەگەزپەرسـتە ملهورەکەی بەغدا لەو شـاڵاوە کتوپڕ و نامەردانەیدا، مەبەستی شکاندنی گیانی مەعنەوی کورد بوە مەبەستی سوککردنی دەرونی کوردی و گیانی بڵند و سـەرکەش و خورتی نەتەوەکەمان بو، وەڵامی ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی کوردیش ئەو نمونە بێ وێنە و دیاردە شۆڕشگێڕانە بڵندە بو، کە دوژمن لە مەردایەتی هەڵوێست و بەگژداچونەوە، خۆی بە چۆکدا دەهات" (بێ ناوی نوسەر، حوزەیرانی 1981: 6).

هەرچەندە ڕوداوی ئاماژە پێکراو بە شـێک بوە لە (شـۆڕشـی ئەیلول 1961–1975) بەڵام لە ئەیلولی هەمان ساڵ و لە ژمارە هەشتی گۆڤارەکەدا، حەوت لاپەڕە بۆ یادکردنەوەی شۆڕشـەکە تەرخان دەکات و، بەناونیشانی (شۆڕشی سەخت)یش بڵاوی دەکاتەوە، لە وتارەکە زیاتر تیشک خراوەتە سەر لایەنە بابەتی و خودییەکانی شـۆڕشـی ئەیلول. بە بڕوای نوسـەرانی هەرچەندە نا هاوسـەنگیی لەڕوی هێزی چەک و مرۆیی لە نێوان شـۆڕشـگێڕانی ئەیلول و دەسـتەڵاتدارانی عێراقی هەبو، بەڵام ئەو نابەرابەرییە بابەتییە ئەوەندەی لایەنی خودیی وەکو دەردی خۆخۆری کورد کاریگەرییان لەسـەر لاوازبونی شـۆڕشـەکە نەبوە (بێ ناوی نوسەر، ئەیلولی 1981: 4–11).

شرۆڤەکردنی دۆخی کوردستان بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای جەنگ و دەرهاوێشتەکانی، کە لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی (سـیڤەر 1920) و (لۆزان 1922) دا ڕەنگیدایەوە و بەسـتنەوەی بە زەمەنی دەرچونی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی، ئەویش قۆناغی جەنگی (عێراق–ئێران [7])، گۆڤارەکە بە دەرفەتی دەزانێت بانگی بزوتنەوەی کوردی بکات، بۆ سود وەرگرتن لەو جەنگە نوێیە. بە بڕوای گۆڤارەکە

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، هەســـتی نەتەوایەتی کورد ئەوەندە چریکەی نەکردبو تا بتوانێت پێداگری لەسەر داخوازیەکانی بکات، بەڵام ئێستا بزاڤی نەتەوەیی ئەوەندە جێی گرتوە ڕاست و چەپی خۆی باشتر دەناسێت و داخوازیەکانی هەست پێدەکرێت (بێ ناوی نوسەر، تەموزی 1981: 3-4).

لە ژمارە حەوتیش خاڵێکی تر دەخاتە ســـەر هۆکارەکانی بەلاوەنانی ڕێکەوتنامەی ســـیڤەر و ئەویش نەبونی ئامادەگی کارەکتەری کوردی بوە لەنێو نوســـینەوە و لایەنە جێبەجێکارەکانی ڕێکەوتننامەکە، بۆیە دەنوسێت: "مافی دیاریکردنی چارەنوسی کورد تەنها و تەنها بە هێزی مێشک و بازوی خۆمان دێتە دی و بە بڕی تیژی و ژیری و بەهێزی و توانای خۆمان" (بێ ناوی نوسەر، ئابی 1981: 4).

لەپاڵ شرۆڤەی بابەتەکانی سەرەوە، هەواڵی ڕۆژیش، کە بۆ ئەمڕۆی ئێمە مێژویی سیاسی و سەربازی ئەو سەردەم پێکدەهێنن، لە گۆڤارەکە دەبینرێن. لەوانە ڕوداوەکانی جەنگی عێراق- ئێران و ئەو چالاکیانەی، کە پێشمەرگەی پاسۆک لەو ماوەیەدا لە ناو شار و دەرەوەی شار ئەنجامیاندەدا، تەنانەت لە ژمارە یازدەی باس لە چالاکییەک دەکات، کە لە وڵاتی نەمســـا بۆ قســـەکردن لەبارەی کورد و کێشـــەکەی ڕێکخرابو، چالاکییەکە کە یەک هەفتە بەردەوام بوە و لە (1981/11/23 تا 1981/11/28) لەلایەن کۆمەڵەی دۆســتایەتی نەمســاوی و کوردی بە ناونیشــانی (حەوتوی کوردان) بەڕێوەچوە، نوێنەری زۆرێک لە پارتە سیاسییەکانی کوردستان لە (باشور و ڕۆژهەڵات و باکور و ڕۆژئاوا) و دۆستانی بیانی ئامادەی بونە و بابەت و توێژینەوە لەبارەی کێشەی کورد پێشکەشکراون (بێ ناوی نوسەر، کانونی یەکەمی 1981: 5).

### 3.4. بابەتی ئەدەبی:

ئەو زمانەی کە شیعرەکانی نێو لاپەڕەکانی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی پێنوسراوە، دەچنە قاڵبی ئەدەبی بەرەنگاریی، ئەمەش بۆ پشـــت بەســـتنمان بە تێزی دکتۆرایەکەی نەوزاد عەلی ئەحمەد (2022) دەگەڕێتەوە، کە لە یەکێک لە ڕونکردنەوەکانی بۆ ئەو بوارە نوســـیویەتی: "ئەدەبی بەرەنگاریی ئەدەبی هۆشـــیاریی نەتەوەیی و نیشـــتمانی و ســـەنگەر پتەوکردن بوە، بەرامبەر بە ســـیاســـەتی داگیرکاری و چەوساندنەوە و جینۆسایدکردنی نەتەوە" (ئەحمەد، 2022: 26).

بۆیە کاتێک لاپەڕەکانی ئاڵای سـوری کوردایەتی هەڵدەدەینەوە، ئەو دەقانە ڕوبەڕومان دەبنەوە، کە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و خۆشەویستی نیشتمان نوسراون، هەوڵدراوە هاندان و ئومێدی تاکی کوردستانی بۆ گەیشـــتن بە خەونەکانی بە زیندویەتی بهێڵدرێتەوە، وەکو ئەو شـــیعرەی، کە لە ژمارە دویدا هاتوە و دەڵێت:"

هەر کاروانێ
بۆ تیشکی خۆر بڕوانێ
کەم بن یان زۆر

ئەگەنە خۆر (بێ ناوی نوسەر، ئازاری 1981: 3)

لە شیعرێكیشدا بەدیهاتنی ئەو ئامانجە نەتەوەییانە دەبەستریتەوە بە هەوڵ و كۆشش و بەرخودان، لە ناوەڕۆكی دەقە شیعرەكەدا هاتوە، ئەگەرچی لەنگین و غلۆربونەوەشی تێدایە، بەڵام ترس لە كەوتن نابێت مرۆڤ پاشەكشە لە گەیشتن بە ئاواتەكانی بكات و شاعیر دەنوسێت: "یەكەم هەنگاوی بەرەو ژور.. بۆ لوتكەی بەرز، بۆ لوتكەی دور.. ئەژنۆی ڕۆیشتن.. ئەلەرزێنێ.. بەڵام ئەڕۆین.. چونكە ئەسپی شەهیدانی لوتكەی بێ سوار.. بەسەرمانا.. ئەحیلێنێ!" (بێ ناوی نوسەر، حوزەیرانی 1981: 3).

لە ژمارە حەوتیدا، بەبێ ئەوەی ناوی نوسەر بهێنرێت، شیعرێكی (عەبدوڵڵا پەشێو) بڵاوكراوەتەوە كە دەڵێت: "سەردەكەوین چونكە دوێنێ.. تۆپەقوڕێكی دەستكردم.. دایە دەست منداڵێكی كورد.. ئەو لەباتی بوكەشوشە.. تفەنگێكی بچكۆلانەی لێ دروست كردا!" (بێ ناوی نوسەر، ئابی 1981: 3).

ئەو دەقانە زۆرترین ئایكۆنی هێشتنەوەی ئومێدی گەیشتن بە ئاواتی سەربەخۆیی لەخۆ دەگرن، لە قۆناغێكیشدا بڵاوكراونەتەوە، كە هێزی داگیركەری كوردستان لەوپەڕیدایە، بەڵام شاعیر بە پشت بەستن بەهێزی باوەڕ بە دۆزی نەتەوەكەی پێیان دەڵێت:"

با ئەڵقەی زنجیر پێ بنەخشێنێ

پۆستاڵ دەماری جەرگ دەربهێنێ

بشگاتە ئاسمان قەڵای پڕ لە چەك

هێزی باوەڕی كورد ئەیڕوخێنێ (بێ ناوی نوسەر، تەمموزی 1981: 3)

لە پاڵ ئەو دەقە شیعریانەی، كە لە گۆڤارەكە بۆ مەبەستی هاندان و بەرەنگاربونەوەی دوژمن بڵاودەكرانەوە، ئەو دەقانەی كە باس لە مێژو و جوگرافیای كوردستانیش دەكەن لە بیرنەكراون و لە ژمارە سێیدا شیعرێكی (حاجی قادری كۆیی) بە ناونیشانی (سنوری كوردستان) بڵاوكراوەتەوە، كە شاعیر تیایدا سنوری كوردستان بە زمانێكی ئەدەبی ڕوندەكاتەوە (كۆیی، نیسانی 1981: 18).

ئەوان بە تەنها بە بڵاوكردنەوەی ئەو شیعرەی، كە باس لە سنوری كوردستان دەكات وازیان لە شیعرەكانی (حاجی قادری كۆیی) نەهێناوە، بەڵكو لە ژمارە چواریشدا ئەو شیعرەی كە بۆ یەكگرتویی كوردانی نوسیوە بڵاوكردوەتەوە، كە دەڵێت: "تا ڕێ نەكەون قەبیلی ئەكراد.. هەروا دەبنە خەرابە ئەباد.. ئەنواعی ملل لە گەورە تا بچوك.. خەملێوە مەمالیكی وەك بوك" (كۆیی، ئایاری 1981: 17).

بابەتی یەكبونی هێزە كوردییەكان و دوركەوتنەوە لە خۆخۆری لە زۆرێك ژمارەكانی تری گۆڤارەكەدا ئاماژەی پێكراوە، گۆڤارەكە بۆ ئەو مەبەستە پێی باشبوە شیعرێكی (مەلا محەمەدی كۆیی)یش بڵاوبكاتەوە كە پاشگری ناوەكەی بە (كۆیە) یان تۆماركردوە و دەڵێت:"

ئەبێ میللەت یەك بێ لەگەڵ یەك

له ئەربابی قەڵەم تا خاوەنی چەک

ئەگەر کوردێک ئیهانەت کەن لە بەسرە

هەمو بێینە خرۆش جۆش و نەعرە

هەتا حەقی نەسێنین ڕانەوەستین

لەبەر بێ ئیتفاقی خوار و پەستن (کۆیە، حوزەیرانی 1981: 27)

دوای ئەوەی شەڕی هێزە سیاسییەکانی کوردیش دەگاتە ترۆپکی خۆی، وەکو دەردەکەوێت ستافی ئاڵای سوری کوردایەتی، داخ بۆ خوێنی ڕژاوی ڕۆڵەی نەتەوەکەی دەخۆن، کە بەدەستی برا پێشمەرگەکەی دەکوژرێت و دەنوسن:"

باوکم بۆ کورد بو چەکی لە شان کرد

گیانی خۆی خستە سەر لەپیی دەستی

ئێمەی بەجێهێشت بۆ ڕزگاری کورد

کەچی داخەکەم ئیمڕۆ کورد کوشتی (بێ ناوی نوسەر، تشرینی دوەمی 1981: 3)

لە کۆی (16) ژمارەی کۆکراوەی گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی، ئەو شیعرانە دەبینرێن، کە هێما و نیشانەی نیشتمانپەروەریی لە خۆدەگرن، لە پاڵ ئەمەشدا بیری شۆڕشگێریی بەگوڕتر دەکەن. ئەمەش بۆ کات و شوێنی دەرچونی گۆڤارەکە دەگەڕێتەوە تا لە ناسنامەی شۆڕشگێڕیی خۆی وەکو ئەرکی تەواوی بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکان لانەدات.

**ئەنجام:**

1. گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی، لە چوارچێوەی سیاسەتی پارتەکەی کاری لەسەر هۆشیاری سیاسی کۆمەڵگەی کوردی کردوە، بۆ مەبەست و ئامانجەکانیشی چەمکی کوردایەتی و نەتەوایەتی هاواتای یەکتری سەیر کردون، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو جیاوازییە تیۆریانەی، کە بۆ نەتەوایەتی لەسەر ئاستی جیهان لە ئارادان.
2. هەرچەندە کاری پێکەوەیی و یەکخستنی ئامانجە سیاسییەکانی ئەو پارتانەی، کە لە ساڵانی (1981-1982) ڕۆڵیان لە بزاڤی شۆڕشگێڕیی کوردی هەبو، لە گۆڤاری ئاڵای سوری کوردایەتی جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەڵام تەشەنەکردنی ململانێیەکانی ئەو پارتانە کاریگەریی لەسەر هەڵوێستی گۆڤارەکەش دروست کردوە.
3. مێژویی نەتەوایەتی بەو ئاراستەیەی، کە پارتی سۆشیالیستی کورد مەرامە سیاسییەکانی تێدا دەبینێتەوە دادەڕێژرا و لەکوێ جوڵاندنی هەستی جەماوەر بۆ بەشداریکردن لە بزاڤی چەکداریی دژ بە داگیرکەرانی کوردستان، کاریگەریی زیاتر هەبوە، بۆ ئەو گۆڤارەش جێی سەرنج بوە.
4. شیعر یەکێکە لە هونەرەکانی ئەدەب، بۆ مەبەستی وروژاندنی هەستی جەماوەر، ئاڵای سوری کوردایەتی گرنگی پێداوە و چەندان لاپەڕەی بۆ تەرخانکردوە.

# The Impact of Alay Soory Kurdaity Magazine in Disseminating National Awareness
# (An Analytical Descriptive Historical Study)

**Sirwan Mahmood Rasheed[1] - Mohammed Kareem Saeed[2]**
[1]Soran Technical College, Erbil Polytechnic University, Soran, Kurdistan Region Iraq.
[2]Department of media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region Iraq.

**Abstract:**

This paper, titled "The Impact of Alay soory Kurdaity Magazine on the Propagation of National Awareness," delves into an examination of the content within Alay soory Kurdaity Magazine during the period of the mountain struggle and the revolutionary era, spanning from 1981 to 1982. Despite the protracted history of the Kurdish people's struggle for their national rights, the establishment of a comprehensive national identity remains an indispensable intellectual and vital requirement within Kurdish society, intrinsically tied to the notion of national consciousness.

The manifestation of a national identity fundamentally hinges on shared national principles, a common language, culture, religion, history, collective aspirations, and unified political and legal principles, all of which necessitate a heightened state of national consciousness. Throughout the history of the Kurdistan liberation movement, diverse strategies have been employed to attain this identity, with media engagement serving as one prominent avenue. During a particularly sensitive period in Kurdish history within South Kurdistan (1981-1982), the Kurdish Socialist Party (PASOK) issued Alay soory Kurdaity Magazine. This publication, apart from accomplishing its political objectives, aimed to acquaint Kurdish society with various facets of life and intellect. Its purpose was to cultivate national thought and consciousness while alerting the community to the imminent threats they faced.

**Keywords**:
Magazine, History, Kurdayeti, National Consciousness

## لیستی سەرچاوەكان:

**كتێب بە زمانی كوردی:**

ئەمین، كاوە (2017) لەكاژیكەوە بۆ پاسۆك. سلێمانی، چاپخانەی تاران.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا (1997) پەنجەكان یەكتری ئەشكێنین، بەرلین.

باخەوان، هاوڕێ (2018) من و كوردایەتی، هۆلندا.

بەختیار، مەلا (2020) لە بری بیرەوەری، تاران.

بەرزنجی، هەڵۆ (2022) پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوكراوەكانی، پاسـۆك، بەرگی یەكەم، ژمارەكانی (1-16) چاپخانەی تاران.

تەنیا، ئیسماعیل (2013) ڕابەری ڕۆژنامەگەری كوردی (ئازاری 1975-1993)، هەولێر.

فەقێ، زانا (2018) پارتی سۆشیالیستی كورد- پاسۆك 1975- 1991 لێكۆڵینەوەیەكی مێژویی سیاسییە، بێ شوێنی چاپ.

كەركوكی، حەبیب (2008) پێشەكییەك بۆ زانستی ڕاگەیاندن، دهۆك، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریان.

نەبەز، جەمال (2015) كۆمەڵەی ئازادیی و ژیانەوە و یەكێتیی كورد- كاژیك 1959/4/14 پێشـخان و پاشـخانەكانی، سلێمانی.

**كتێب بە زمانی عەرەبی:**

زريف، قسطنطين (1939) الوعي القومي، بيروت، دار المكشوف.

ماكيافيلي، نيقولا (2021) ألامير، ترجمة :محمد لطفي جمعة، القاهيره، الكرمة للنشر والتوزيع.

**كتێب بە زمانی ئینگلیزی:**

Willett, Edward (February 1, 2004) The Iran-Iraq War (War and Conflict in the Middle East), the Rosen publishing group.

**گۆڤار و ڕۆژنامە بڵاوكراوەكان:**

ئەردەڵان، سارۆ (پایزی 2023) كوردایەتی وەك چیمەنتۆ، گۆڤاری تیشك، ساڵی بیست و چوارەم، ژمارە (65-66).

بێ ناوی نوسـەر (1980) زنجیرەی پێشـڕەوەكەت بناسـە (1) پاسـۆك لە چەند دێرێكدا، لە بڵاوكراوەكانی بەشـی پەخش و ڕاگەیاندنی سەركردایەتیی هەرێمی باشوری پارتی سۆسیالیستی كورد (پاسۆك).

ساڵح، ئارەش (بەهاری 2019) بەرگریی چەكداری و وشیاری نەتەوەیی، گۆڤاری تیشك، ساڵی بیست و یەكەم، ژمارە (51).

گۆڤاری ئاڵای سـوری كوردایەتی: ژمارە 1 شـوباتی 1981، ژمارە 2 ئاداری 1981، ژمارە 3 نیسـانی 1981، ژمارە 4 مایسـی 1981، ژمارە 5 حوزەیرانی 1981، ژمارە 6 تەمموزی 1981، ژمارە 7 ئابی 1981، ژمارە 8 ئەیلولی 1981، ژمارە 9 تشـرینی یەكەمی 1981، ژمارە 10 تشـرینی دوەمی 1981، ژمارە 11 كانونی یەكەمی 1981، ژمارە 12 كانونی دوەمی 1982، ژمارە 13 و 14 مارتی 1982، ژمارە 15 و 16 نیسانی 1982.

**توێژینەوە ئەكادیمییەكان بە زمانی كوردی:**

ئەحمەد، نەوزاد عەلی (2022) ئایكۆنی بەرەنگاری لە هەردو گۆڤاری (نوسەری كورد) و (نوسەری كوردستان)دا، سلێمانی، زانكۆی سلێمانی.

**توێژینەوە ئەكادیمییەكان بە زمانی عەرەبی:**

العازمي، نادية محمد علي عبدالله (2023) "الوعي السياسي: الاتجاهات النظرية المفسرة لة والمهافيم المرتبطة به" مجلة بحوث الشرق الأوسط، مركز بحوث الشرق الأوسط والدراسات المستقبلية- جامعة عين شمس.

**ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی بە زمانی کوردی:**

ئەمین، کاوە (7ی نیسانی 2014) ئازاد مستەفا خەونێک لە غەریبی سەردەنێتەوە، ماڵپەڕی ڕوداو (ڕێکەوتی سەردان: 6ی تشرینی یەکەم 2023): https://ln.run/ZgApp.

کاکەویس، حەکیم (2019) کوردایەتی ڕێبازنامە، ماڵپەڕی کاکەویس (ڕێکەوتی سەردان: 2023/10/7): https://ln.run/D5vn3.

## پەراوێزەکان:

(1) پارتی سۆشیالیستی کورد– پاسۆک، لە 11ی ئەیلولی 1975 لە شاری کەرکوک لەلایەن هەر یەک لە فەرهاد عەبدولقادر و ئازاد مستەفا و شێرزاد فاتیح دامەزرێندرا و، وەکو پارتێکی نەتەوەیی خۆی ناساند، لە ساڵی 1991 لە یەکەمین کۆنگرەیاندا، ناوی پارتەکەیان بۆ (پارتی سەربەخۆی دیموکراتی کوردستان-پاسۆک) گۆڕی، لە ساڵی 1992 لەگەڵ (حزبی سۆشیالیستی یەکگرتوی کوردستان و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان) یەکیان گرت و (حزبی یەکگرتنی کوردستان)یان ڕاگەیاند. بۆ زانیاری بڕوانە: فەقێ، زانا (2018) پارتی سۆشیالیستی کورد- پاسۆک 1975-1991 لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی سیاسییە، بێ شوێنی چاپ.

(2) پێدەچێت ناوی تەوەرەکە لە ناونیشانی کۆمەڵە شیعری (تاریک و ڕون)ی (هێمن موکریانی)ی شاعیر، کە لە ساڵی 1974 چاپ و بڵاوکراوەتەوە، وەرگیرا بێت.

(3) کتێبی میر (The Prince)ی نیکولا ماکیاڤیلی (1469-1527) لە ساڵی 1513 نوسراوە، بەڵام ساڵی 1532چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ماکیاڤیلی یەکێک بوە لە بیرمەندانی سەردەمی ڕێنیسانس، کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر جیهانی نوێی دوای سەدەکانی ناوەڕاست، هەوڵە سیاسیەکانی لە بەزاندنی هزری ئایینی کەنیسە و لاهوتدا چڕکردبوەوە. ئەوە بە بیر خەڵک دێتەوە، دەسەڵاتدار یان پاشا، هەمیشە لە پیلاندایە و دیوێکی تەمومژاویی هەیە. کتێبەکە بۆ بنەماڵەی (مەدیچی) نوسراوە، کە ئەو کات حوکمی فلۆرانس دەکەن (فلۆرانس ناوەندی سەرمایەداریی سەرەتایی ئەوکات دەبێت و مرۆڤ ڕەگە دەرونییە خراپەکارەکەی خۆی لە پارەدا چڕدەکاتەوە). بۆ زانیاری بڕوانە: ماكيافيلي، نيقولا (2021) ألامير، ترجمة: محمد لطفي جمعة، الكرمة للنشر والتوزيع، القاهيرە.

(4) هاوڕێ باخەوان، ناوی تەواوی (هاوڕێ قادر ڕەسوڵ)ە، لە ساڵی 1966 لە سلێمانی لە دایکبوە و بڕوانامەی یاسای لە زانکۆی موسڵ لە ساڵی 1990 بەدەستهێناوە، لە ناوەڕاستی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردو دەبێتە ئەندامی پارتی سۆشیالیستی کورد- پاسۆک، چ وەکو ڕێکخستن، چ وەکو پێشمەرگە لەو پارتە خزمەتی کردوە، دوای ئەوەی لە ساڵی 1992 لە وڵاتی هۆڵەندا دەگیرسێتەوە، لە بواری ئای تی و پەیوەندییەکانی ئەو بوارە بە یاسا و دادگا نێودەوڵەتییەکان پەرە بە تواناکانی دەدات، بۆ ماوەی 12 ساڵ وەکو کارمەندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان خزمەت دەکات، لە ساڵی 2008 ڕێکخراوی کوردپێدیا دادەمەزرێنێت و لە ساڵی 2021 تەواوی کارەکانی بۆ ئەو ڕێکخراوە تەرخان دەکات، خاوەنی چەندین بەرهەمی چاپکراویشە.

(5) ئازاد مستەفا، ناوی تەواوی (حەمە مستەفا)یە، ساڵی 1948 لە خێزانێکی هەژار لە گوندی بارزان لە دایکبوە، کە ئەوکات باوکی لەوێ پۆلیس بوە. لە سەرەتای تەمەنی لاویەتی دەبێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و پاشانیش خۆی لە کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد (کاژیک)دا دەبینێتەوە، بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول دەکا و بە ناوی (چاوێک) لە ڕۆژنامەی (برایی) دەنوسێت. لە 11ی ئەیلولی 1975 لەگەڵ چەند هاوبیرێکی تری لە شاری کەرکوک پارتێکی نەتەوەیی دادەمەزرێنن بە ناوی پارتی سۆشیالیستی کورد- پاسۆک. ساڵی 1977 لە لایەن حکومەتی عێراق دەستگیر دەکرێت. ساڵی 1979 بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئازادکرێت و ڕو دەکاتە شاخ و وەک سکرتێری پاسۆک درێژە بە خەباتی سیاسی و

ســــەربازی دەدات. چەندین گوتار و لێکۆڵینەوەی لە بارەی کورد و بیری نەتەوەیی نوســــیوە، لە 19ی ئاداری 1989 بە نەخۆشــیی شــێرپەنجە لە ســوید کۆچی دوایی کرد. بۆ زانیاری بڕوانە: ئەمین، کاوە (7ی نیســانی 2014) ئازاد مســتەفا خەونێک لە غەریبی سەردەنێتەوە، ماڵپەڕی ڕوداو (ڕۆژی سەردان: 6ی تشرینی یەکەم 2023): .https://ln.run/ZgApp

(6) کاژیک، کۆمەڵەی ئازادیی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد، کۆمەڵەیەیەکی ڕۆشـنبیری سـۆشـیالیزمیی بو، لە سـاڵی 1959 لە باشــوری کوردســتان لەلایەن جەمال نەبەز، کامیل ژیر، ئەحمەد هەردی، فایەق عارف، شــێرکۆ بێکەس، هتد.. دامەزرا. بۆ زانیاری بڕوانە: نەبەز، جەمال (2015) کۆمەڵەی ئازادیی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد- کاژیک 1959/4/14 پێشــخان و پاشخانەکانی، سلێمانی.

(7) جەنگی عێراق ئێران لە 22ی ئەیلولی ســاڵی 1980 دەســتی پێکرد، تاکو 8ی ئابی 1988 بەردەوم بو، کە لە دوای جەنگی ڤێتنام بە درێژترین جەنگی ســەدەی بیســتەم دادەندرێت. تیایدا نزیکەی یەک ملیۆن ســەرباز و زیاتر لە یەک ملیۆن هاووڵاتی هەردو وڵات کوژران. بەهای زیانەکانی شــەڕەکە بە 400 ملیار دۆلاری ئەمریکی خەملێنراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Willett, Edward (February 1, 2004) The Iran-Iraq War (War and Conflict in the Middle East), the Rosen publishing group.